# بونیادی موسەممەت لە شیعری نوێی کوردیدا

م. ی سەرباز مەجید خۆشناو
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی پەروەردە – بەشی کوردی
Sarbaz.omer@soran.edu.iq

پ. د. یادگار ڕسوڵ محەمەدەمین
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب – بەشی کوردی
yadgar.ameen@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە، هەوڵێکـە بـۆ خسـتنەڕووی بونیـادی ئـەو دەقانـەی کـە لـە قۆناغـی نوێبوونـەوەی شـیعری کـوردی (١٩١٨ – ١٩٧٠) لـە چوارچێـوەی قاڵبـی موسـەممەتدا داڕێـژراون، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش، بـە نموونـەی شـیعری، بـاس لـە تایبەتمەندییەکانیـان کـراوە.

موسـەممەت لـە شـیعری کلاسـیکیی کۆنـدا پێـڕەو کـراوە، بـەڵام وەک قاڵبێکـی هونـەری لـە قۆناغـی نوێبوونـەوەدا، گۆڕانـکاری و نوێکردنـەوە و داهێنانـی زۆری تێـدا کـراوە، کـە وەک بابەتێکـی گرنـگ و جێـی بایـەخ بووەتـە پرسـی ئـەم توێژینەوەیـە.

بایەخـی ئـەم توێژینـەوە لەوەدایـە کـە تایبەتـە بـە لێکۆڵینـەوە لـە هونـەری موسـەممەت، بـەو واتایـەی پانتاییەکـی فراوانـتری بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بونیـادی موسـەممەتدا ڕەخسـاندووە، چونکە پێشـتر ئەگـەر بـاس لـە موسـەممەت کرابـێ، لـە سـنووری بابەتـی دیکـە و بـە تێکەڵـی لەپـاڵ قاڵبـی دیکـەی شـیعرییەوە بـووە. ئەمـەش وای کـردووە، بـە وردی لێـی نەکۆڵدرابێتـەوە و پـەی بـە زۆر هەوڵـی داهێنەرانـەی شاعیرانیشـمان نەبـردرێ. لـەم توێژینەوەیـەدا بـە پشتبەسـتن بـە تیـۆری هونەرەکانـی ئـەدەب (نظریـة فنـون الادبیـة) و بـە میتـۆدی وەسـفی شـیکردنەوە بـۆ شـێوازی بونیـادی موسـەممەتەکانی قۆناغـی نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی دەکرێـت. بـەو هیوایـەی ببێتـە سـەرچاوەیەکی بەسـوود بـۆ لێکۆڵینـەوەی زیاتـر و خسـتنەڕووی قاڵبـی موسـەممەت لـە چوارچێـوەی دیوانـی شـاعیرانی کـورد بـە شـێوەیەکی سـەربەخۆ. ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـە چەنـد ئەنجامێکـی تـازە گەیشـتووە، کـە پێشـتر سـەبارەت بـە موسـەممەت، باسـی لێـوە نەکـراوە.

کلیلەوشـە: موسـەممەت، بەنـد، ناوبەنـد، موسـەممەتی تەرجیـع، موسسـەممەتی تەرکیـب، موسـەممەتی تەرجیعـی تەرکیـب.

پێشەکی

ئـەو وەرچەرخانـە مێژووییـەی دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، شـیعری کـوردی بـەرەو نوێبوونـەوە ئاڕاسـتە کـرد، وای کـرد شـاعیرانی ئـەو قۆناغـە لـە چەنـدان ڕووەوە سـوود لـە ئەزموونـی گەلانـی دیکـە وەربگـرن. یەکێـک لـەو هەوڵانـەی کـە بـۆ گۆڕینـی فۆرمـی شـیعر درابێـت، پێـڕەو کردنـی قاڵبـی هونەریـی جیـاواز بـووە. موسـەممەت لـە قاڵبـە کۆنەکەیـدا لـە شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکدا پێـڕەو کـراوە، بـەڵام لـە قۆناغـی نوێبوونـەوەدا بـە قاڵبـی جیـاواز و بـە بەرفراوانـی لـە شـیعری شـاعیرانی نوێخـوازدا بەرچاودەکەوێـت.

هـۆی هەڵبژاردنـی بابەتـی توێژینـەوە: موسـەممەت لـە قۆناغـی نوێبوونـەوەی شـیعری کوردیـدا، گۆڕانـکاری و نوێکاریـی زۆری تێدا کـراوە، تەکنیکـی جۆراوجـۆری تێدا بـەکار هاتـووە، لـە بەرانبـەر ئەمـەدا ڕووکەشـانە لێـی کۆڵدراوەتـەوە و لەگـەڵ قاڵبـی دیکـەی وەک چوارینـە و پێنجینـە و شەشـینە و... تـد تێکـەڵ کـراوە. لـەو بـوارەدا کەلێنێکـی بەرچـاو هەیـە، ویسـتمان بـە شـێوەیەکی ورد کاری تێـدا بکەیـن.

سـنووری لێکۆڵینـەوە: کار لەسـەر ئـەو دەقانـە کـراوە، کـە دەچنـە نـاو چوارچێـوەی موسـەممەت و دەکەونـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩١٨ تـا ١٩٧٠).

بایەخـی لێکۆڵینـەوە: بـە دیدێکـی ڕۆشـنتر و لـە سـنوورێکی فراوانـتر و بـە وردەکارییەکـی زیاتـر کار لەسـەر بونیـادی قاڵبـی موسـەممەت کـراوە و زۆر لایەنـی شـاراوەی نوێـکاری و داهێنانـی شـاعیرانی نوێخـواز خراوەتـەڕوو.

میتـۆدی لێکۆڵینـەوە: وەک قاڵبێکی هونەری لە موسـەممەت کۆڵدراوەتـەوە، بۆیـە پشـت بـە تیـۆری هونەرەکانـی ئـەدەب بەسـتراوە و بـە میتـۆدی وەسـفی شـیکاری، لـە بونیـادی دەقـە شـیعرەکان کۆڵدراوەتـەوە.

ناوەڕۆکـی لێکۆڵینـەوە: جگـە لـە پێشـەکی، بابەتـی توێژینەوەکـە کراوەتـە دووبـەش: لـە بەشـی یەکەمـدا بەشـێوەیەکی تیـۆری بـاس لـە چیەتیـی و تایبەتمەنـدی و بونیـادی موسـەممەت کـراوە. لـە بەشـی دووەمـدا، بـە نموونـەی شـیعری جـۆر و شـێواز و پێکهاتـەی قاڵبە جیاوازەکانی موسـەممەت لـە شـیعری نوێـی کوردیـدا ڕوونکراونەتـەوە. لـە کۆتاییشـدا، پوختـەی ئەنجامـی لێکۆڵینەوەکـە لـە چەنـد خاڵێکـدا خراونەتـەڕوو و ئاماژە بـەو سـەرچاوانەش کـراوە، کـە بـۆ ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـوودیان لـێ وەرگیـراوە.

بەشی یەکەم: چیەتیی موسەممەت

قاڵبـی موسـەممەت «لەسـەر چۆنیەتیـی دابەشـبوونی سـەرواي لـەت هاتـووە، نـەك دێـر» (عەزیـز گـەردی، ١٩٩٩: ٢٧٨) بـەو واتایـەی ئـەو شـیعرانەی، لـە چوارچێـوەی تەسـمیتدا هۆنراونەتـە، لـە ڕوانگـەی لـەت (نیوەدێـر)ەوە مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکرێـت، کـە سـەروا ڕۆڵـی سـەرەکیی تێـدا دەبینێـت.

موسەممەت(مسـمط) لـە ڕووی زاراوەوە، وشـەیەکی عەرەبییـە، (اسـم مفعـول)ەو لـە (تسـميط)ەوە سـەرچاوەی گرتـووە (حسـين رزمجـو، ١٣٩٠: ٥٠). لێـرەدا دەبـێ جیـاوازی لـە نێـوان (تەسـمیت) وەک هونـەر و (موسـەممەت) وەک قاڵـب بکرێـت. تەسـمیت هەمـوو ئـەو دەقـە شـیعرییانە دەگرێتـەوە، کـە لەسـەر بنەمـای لـەت بونیاددەندرێـن وەک: (موەششـەح و موستەزاد و موسـەممەت و زۆربـەی پارچـە و پارچەبەنـدەکان).

موسـەممەت لـە فەرهەنگـدا، بـە واتـای ڕسـتەی گەوهـەردار دێـت (شـمس الديـن محمـد، ١٣١٤: ٢٨٧) یـان بـە ڕسـتەیەک لـە مـوور و مـرواری دەوترێـت (رسـتگار منصـور فسـايي، ١٣٨٠: ٤٩٦). ئەمـەش ئـەوە دەگەیێنـێ، کـە هۆنینـەوەی موسـەممەت لـە ڕووی هونەرییـەوە لـە ئاسـتێکی جـوان و ناسـکدایە.

لـە ڕووی چەمکـەوە، موسـەممەت شـیعرێکە لەچەنـد پارچەیـەک پێدێـت و هـەر پارچەیـەک چەنـد لەتێـک لەخۆدەگرێـت، کـە لـە کێـش و سـەروادا وەک یەکـن و لـە تـەواوی پارچەکانـدا، لەتی کۆتایی بـە هەمـان سـەروا دووبارە دەبێتـەوە (حسـين رزمجـو، ١٣٩٠: ٥٠). لێـرەدا ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، کـە ئەگـەر پارچەیـەک لەسـەر بنەمـای لـەت بونیادنرابێـت، بـەڵام بەتەنیا هاتبێـت و بەبـێ ناوبەنـد دەقێکـی شـیعریی پێکهێنابـێ، ناچێتـە خانـەی موسـەممەت، وەک چوارینـە و پێنجینـە و شەشـینە،....

قاڵبـی موسـەممەت لـە شـیعری کۆنـدا بریتـی بـووە لـە دابەشـکردنی بەیتەکانـی شـیعر لەڕێـی سـەروای نـاوەوە،

سەرواى كۆتايى بەيت لە تەواوى بەندەكاندا وەك يەك هاتۆتەوە (سيروس شميسا. ١٣٨٣: ٣١٥) بەو واتايەى هەر بەيتێک لەڕێى سەرواى ناوەوە دابەش چوار بەش كراوە، سێ بەشى يەكەم هاوسەروان و سەرواى بەشى كۆتايى لە نێوان تەواوى بەيتەكاندا هەمان سەروايە. بۆ نموونە:

ئەز چوومە باغێ سۆر گولان
وەختێ سەحەر گاهێ ب خەلان
مـن دى صەدايا بولبولان
داگرتبوون هەر چار طەرەف

صەوتا هوزار و قومرييان
دەنگێ رەباب و موغنييان
تەشبيهى بەزما بەنگيان
هەڤ دەنگى هەڤ بوون چەنگ و دەف (خانى، ل٥١)

١-١ تايبەتمەندييەكانى موسەممەت

موسەممەت وەک قاڵبێكى شيعرى، پێكهاتەى تايبەت بەخۆى هەيە، ئەو تايبەتمەندييانە لە هەموو جۆرەكانى موسەممەتدا وەک يەكن. بەپێى ئەو زانيارييانەى دەربارەى موسەممەت لە سەرچاوەكاندا هاتوون، دەتوانين تايبەتمەندييە گشتييەكانى موسەممەت لە چەند خاڵێكدا پوخت بكەينەوە:

١- قاڵبى موسوممەت، لە سەر بنەماى دابەشكردنى شيعر بەسەر چەند پارچەى كۆپلەيى بونياد دەندرێت. ئەو پارچانە بەهۆى ناوبەند بەيەكەوە دەبەسترێنەوە (عەزيز گەردى، ١٩٩٩ب: ٢٧٨). لەڕێى ئەو تايبەتمەندييەوە دەتواندرێ موسەممەت لە قاڵبەكانى ديكەى هاوشێوە جيابكرێتەوە، كە لەسەر بنەماى پارچە دابەشكراون، بەڵام ناوبەند بەيەكەوەيان نابەستێتەوە، وەک: موەششەح، سێينەبەند، چوارينەبەند، پێنجينەبەند،....

٢- پارچە لە موسەممەتدا (٣ تا ١٠) لەت لەخۆ دەگرێت. بە لەبەرچاوگرتنى ژمارەى لەت، موسەممەت لە قاڵبى ديكەى وەک تەرجيع بەند و تەركيب بەند جيا دەكرێتەوە، كە ژمارەى لەتەكانيان زياترە (ابولقاسم رادفر و ديگران،١٣٩٦: ٥٧).

٣- لەتەكان لە هەر پارچەيەكدا دەبنە دوو پێكهاتە (سيروس شميسا، ١٣٨٣: ٣١٣)، لەتەكانى سەرەتا (لەتەكانى پارچە) و لەتەكانى كۆتايى (لەتەكانى ناوبەند).

٤- لە هەر پارچەيەكدا، لەتەكانى پارچە، بە جيا لەگەڵ يەكتردا هاوسەروان (سيروس شميسا، ١٣٨٣: ٣١٣). لەم ڕووەوە سەرواى لەتەكانى هيچ پارچەيەک پەيوەنديى بە پێكهاتەى سەرواى پارچەكانى ديكەوە نييە.

٥- ناوبەند لە يەک لەت، يان دوو لەت، يان لە سێ لەت پێک دێت (عەزيز گەردى، ١٩٩٩ب: ٢٧٩-٢٨٠) سەرواى لەتەكانى ناوبەند، لە هەموو پارچەكاندا لەگەڵ سەرواى لەتەكانى پارچەدا جياوازييان هەيە. جارى وا هەيە تەنيا لە پارچەى يەكەمدا، لەتەكانى سەرەتا و ناوبەند هەمان سەروايان دەبێت. سەرواى لەتەكانى ناوبەند لە تەواوى پارچەكەندا بە هەمان سەروا لە كۆتايى هەموو پارچەكاندا دووبارە دەبنەوە (ابوالقاسم رادفر و ديگران، ١٣٩٦: ٤٨).

٦- دەشێ لەتێک، يان هەردوو لەتى ناوبەند، جگە لە سەروا، وەک خۆيان دووبارە ببنەوە (عەزيز گەردى، ١٩٩٩ب: ٢٧٨).

٧- لە دەرەوەى بونيادى شيعردا، موسەممەت بەرهەمى يەک شاعيرە، بەو واتايەى بەوە لە هەندێک قاڵبى ديكە جيا دەكرێتەوە، كە بەرهەمى دوو شاعيرن، بۆ نموونە: چوارخشتەكى و پێنج خشتەكى، بەو واتايەى لەتەكانى پارچە هى شاعيرەكە خۆى و لەتێكى پارچە و ناوبەند، بەرهەمى شاعيرێكى ديكەن و قاڵبە خشتەكييەكانيان لەسەر بونياد نراوە. (مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ب١٠: ١٨٨)

لەڕووى بونيادەوە، جياوازيى موسەممەت لەگەڵ بونيادى هەر يەک لە تەرجيع بەند و تەركيب بەند و تەرجيعى تەركيبدا لەوەدايە، كە تەرجيع بەند و تەركيب بەند لە كۆمەڵێک غەزەل پێكدێن بە زۆرى لە دوازدە پارچە پێكدێن و هەر پارچەيەكى لە دوازدە دێر تێ ناپەڕێ (مارف خەزنەدار، ٢٠١٠، ب١: ١٨٩) لە ڕووى سەرواوە بەزۆرى سەرەتاكەى تەسريعە و يەكێتى سەرواى تێدا پێڕەو كراوە. هەموو پارچەكان بە دێرە شيعرێک كۆتاييان دێت، كە پێى دەڵێن «ناوبەند» لە تەرجيعەدا وەک خۆيان و لە تەركيبدا بە دێرى جياواز دووبارە دەبنەوە،

هەرچی تەرجیع – تەرکیبە، لە دێری ناوبەندددا، لەتێکی دەگۆڕێت و لەتێکی وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە (عەزیز گەردی، ١٩٩٩: ٢٨٢). بونیادی ناوبەند لە موسەممەتیشدا هەمان شتە، ئەوەی جیایان دەکاتەوە ژمارەی لەتەکان و چۆنیەتیی سەروای لەتەکانە. سەبارەت بە ناونانی لەت لە پارچەکانی موسەممەتدا، شەمیسا (١٣٨٣: ٣١٣) لەتە هاوسەرواکانی هەر پارچەیەک بە «بەندی موسەممەت یان تەسمیت» و لەتی سەربەخۆ بە «بنەما، یان لەتی موسەممەت» ناو دەنێت. لەم باسەدا، لەتە هاوسەرواکان بە لەتەکانی پارچە و لەتی کۆتایی بە ناوبەند، ناویان هاتووە. موسەممەت بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی، بەپێی ژمارە و جۆری لەت و سەرواکانیان چەند جۆرێکیان هەیە. بە بەپێی ژمارەی لەتەکان ناو دەندرێن: موسەممەتی سێی، موسەممەتی چواری، موسەممەتی پێنجی،... (حسین رزمجو، ١٣٩٠: ٥٠) بە پێی چەندێتی و چۆنیەتیی دووبارەبوونەوەی لەتەکانی ناوبەند پێکهاتە و جۆری جیاواز بەرهەم دێنن وەک: موسەممەتی تەرجیع، موسەممەتی تەرکیب، موسەممەتی تەرکیبی تەرجیع.

٢-١ بونیادی موسەممەت

بە شێوەیەکی گشتی لە شیعری نوێی کوردیدا، چەند شێوازێک بۆ بونیادنانی موسەممەت پێڕەو کراوە، لە ڕوانگەی ناوبەندەوە دەتوانین سێ جۆر بونیاد دەستنیشان بکەین:

١-٢-١ ناوبەندی یەک لەتی

موسەممەت لەسەر یەک لەت بونیاد دەندرێت، بەو واتایەی لە کۆتایی هەر پارچەیەکدا، لەتێکی هاوسەروا هەیە (عەزیز گەردی، ١٩٩٩: ٢٧٨). ئەویش دوو جۆرە:

ا- ناوبەندەکان تەنیا لەڕووی سەرواوە یەکدەگرنەوە.

لەتی ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە.

٢-٢-١ ناوبەندی دوو لەتی

بونیادی موسەممەت لەسەر دوو لەت دەبێت، بەو واتایەی، ناوبەند لە دوو نیوەدێر پێک دێت، ئەویش سێ جۆری هەیە:

ا- موسەممەتی تەرجیع: دوولەتی کۆتایی هەموو پارچەکان هەمان شتن (عەزیز گەردی، ١٩٩٩: ٢٧٩) بەو واتایەی ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە.

ب- موسەممەتی تەرکیب: وەک موسەممەتی تەرجیع وایە، بەڵام لەوەدا جیاوازە، کە ناوبەند وەک خۆی دووبارە نابێتەوە، تەنها لە ڕووی سەرواوە، لەگەڵ دوو لەتی پارچەکانی دیکە یەکدەگرنەوە.

ج- موسەممەتی تەرجیعی تەرکیب: لە دوو لەتی کۆتایی هەموو پارچەکاندا، لەتێکیان جیاواز و لەتێکیان وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە (عەزیز گەردی، ١٩٩٩: ٢٨٠).

٣-٢-١ ناوبەندی سێ لەتی

ناوبەند لە سێ لەت پێک دێت، بە پێی دابەشبوونی سەروا، سێ جۆری هەیە:

ا- لەتەکان وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە.

ب- لەتێک تەنیا لەڕێی سەروا و دوو لەت وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە[١].

ج- دوولەت لەڕێی سەرواو لەتێک وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە.

بەشی دووەم: موسەممەت لە شیعری نوێی کوردیدا

١-٢ جۆرەکانی موسەممەت

بە پێی چەندێتیی ژمارەی لەتەکان و چۆنیەتیی پێکهاتەی ناوبەند، لە شیعری نوێی کوردیدا، چەند قاڵبێکی موسەممەت پێڕەوکراون:

١-١-٢ موسەممەتی سیانی

بونیادی هەر پارچەیەک لە سێ لەت پێک دێت، لە هەر پارچەیەکدا، دوو لەتی سەرەتا هاوسەروان و لەتی سێیەم، وەک ناوبەند بە سەروای تایبەتی لە کۆتایی تەواوی پارچەکاندا دووبارە دەبێتەوە (AAB- CCB- DDB ...) (ابوالقاسم رادفر، ١٣٩٦: ٥٠) بۆ نموونە:

چی پێ بڵێم گەر گەڕایەوە <u>ماڵ</u>
ڕوانی یە دەوری تۆی نەدی لە <u>پاڵ</u>
بڵێ: لەبەر تۆ نێژرا لە ژێر <u>خاک</u>

* * *

ئەگەر کڵافەی هەوری <u>خەمناکی</u>
ئاڵایە ئاسۆی چاوی <u>ڕووناکی</u>

دڵی بدەوە وەک خوشکی دڵپاک

(پیرباڵ مەحموود: ٤٨)

قاڵبی موسەممەتی سێی لە شیعری کوردیدا زۆر دەگمەنە، هەر بۆیە عەزیز گەردی ئاماژەی پێ نەکردووە، کاتێک باس لە تەسمیت دەکات، دەڵێ لە (٤ تا ٨) لەت پێک دێت (عەزیز گەردی، ١٩٩٩: ٢٧٨).

٢-١-٢ موسەممەتی چواری

ئەم قاڵبە لە پێناسە کۆنەکەی ئەدەبی فارسیدا بریتییە لە بەیتێک، کە بەسەر چوار پارچەدا دابەش بووبێ، سێ بەشی یەکەمی هەمان سەروایان هەبێت و لە سەروای بەیتەکە جیاواز بێت (مژدە کمالی فرد، ١٣٨٤: ٦١) وەک ئەوەی سجادی (١٩٦٧: ١٧٥)دا لە خاڵی یەکەم و دووەمی بیروباوەڕەکاندا نموونەی بۆ هێناوەتەوە. بەڵام بە پێی تایبەتمەندییەکانی هونەری تەسمیت، موسەممەتی چواری لە هەر پارچەیەکدا چوار لەت لەخۆ دەگرێت، لە ڕوانگەی جیاوازیی لەت و سەروای لەتەکان، دوو جۆری هەیە:

ا- سێ لەتی یەکەم هاوسەروان و سەروای لەتی چوارەم، کە ناوبەندە، لەگەڵ سێ لەتی پێش خۆی جیاوازە. ئەمەش دەبێتە دوو جۆر:

یەکەم: لە تەواوی پارچەکاندا، سەروای ناوبەند لەگەڵ سەروای سێ لەتی پێش خۆی جیاوازە و لە هەموو پارچەکانیشدا لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان و تەنیا لەڕێگەی سەرواوە یەک دەگرنەوە (AAAB- CCCB-DDDB ...). هەرچەندە لە شیعری کوردیی قۆناغی نوێبوونەوەدا، ئەم قاڵبە بە فراوانی بەکار هاتووە، بەڵام زۆر پێش شاعیرانی نوێخواز نموونەی ئەم قاڵبە لە مولەممەعێکی ئەحمەدی خانیدا بەرچاو دەکەوێت:

فات عمری فی هواک یا حبیبی کل حال
اهو نالم هم دمم شد در فراقت ماه و سال
گەر بەنیم قانم دلر سن چوق دن اولمیش در حەلال
دین و ئەبتەر بووم ژ عشقێ من نەمان عەقل و کەمال
انت فکری فی فوءادی انت روحی فی الجسد
لشکری خەمهای تو مولکی دلم ویرانی کرد
دادە گلدم عشق الندن ایسترم سندن مدد
وان تەتاران برنە یەغما عەقڵ و دین و ملک و ماڵ

(خانی: ٦٠)

شێخ نووری شێخ ساڵحیش لە شیعرێکی وەرگێراودا[٢]، پێڕەوی ئەم قاڵبەی موسەممەتی کردووە:

لە کوێوە بۆ چ ئامانجێکە نازانم، کەچی هاتم
کە چاوم کردەوە ڕێم گرتەبەر، چەشنی خەیاڵاتم
ئەبینم ڕێ و ئەڕۆم بۆ خۆم ئەگەر دڵخۆش ئەگەر ماتم
لە کوێوە هاتم و ئەم ڕێگە بۆ کوێیە تێناگەم
چ ڕێیەکە، درێژ و دوورە، یا نزیک و ئاسانە
ڕووە و هەورازە ڕێ، یاخود نشێوەم یا بیابانە
منم ڕێبواری ڕێ؟ یا ڕێگە ئەڕوا گورج و ئازانە
وەیاخود هەردوو وەستاوین، جیهان ئەڕوات و تێناگەم

(شێخ نووری: ٢٩٣)

دووەم: لەتی چوارەم لە هەموو پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە (AAAA- BBBA- CCCA ...) بۆ نموونە:

ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە،
ڕێی کانی – قوبان! – مونتەظیری جیلوەیی نازە؛
بەر دەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە،
ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە!
دەر جادە موعەطەر کە بە بۆی خونچە وو مێخەک،
بەو لەنجەیەوە بەستە بڵێت ورشەیی خامەک،
هاڕەی کەمەرە و پڵپڵەوو گوارەوو کرمەک..
ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە

(گۆران: ٣٢).

ئەم قاڵبەی موسەممەت، لەڕووی سەرواوە، بەوە لە قاڵبی چوارخشتەکی جیا دەکرێتەوە، جگە لەوەی بەرهەمی یەک شاعیرە، لەتی کۆتایی لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە.

لە هەر پارچەیەکدا، دوو لەتی یەکەم هاوسەروان و دوولەتی کۆتایی سەروای جیاوازیان هەیە، ئەمەش دوو جۆری هەیە:

یەکەم: موسەممەتی تەرجیعی چواری: لە هەموو پارچەکاندا دوو لەتی کۆتایی بە جیا وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە و لە لەتەکانی پێس خۆیان جیاوازن. دەشێ سەروای لەتی پارچەکان بەجیا و دەشێ وەک خۆیان

دووبارە ببنەوە. بۆ نموونە:(AABB- CCBB- DDBB...) بۆ نموونە:

(صلاح الدین) سوڵتان، (کەریم خان) شاهی ئێران
نادر شاهی حوکمڕان هاتەوە یادی کوردان
ئازادیمان داوا کرد سەربەستیمان پەیا کرد
ئوردووی کوردمان ئینشاکرد
ئوردووی خاکی کوردستان هەر یەکە شێری مەیدان
پڵنگی دەشت و کێوان لە حیمایەی خودا دان
ئازادیمان داوا کرد سەربەستیمان پەیا کرد
ئوردووی کوردمان ئینشاک رد

(زێوەر: ١٧٨).

لەم نموونەیەی سەرەوەدا سەروای موسەممەتەکە بریتییە لە: (AABB- AABB ...).

دووەم: موسەممەتی تەرجیعی تەرکیبی چواری: لە تەواوی پارچەکاندا، لەتی سێیەم جیاواز و لەتی چوارەم وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە (AAØA- BBØA). جگەرخوێن لە موسەممەتی «کوردستانم کا»دا ئەم شێوازەی پێڕەو کردووە:

باغ و بیستانم کا
ئاخ گوڵستانم کا
دژمن تەڤ گرتن ئاز
ئاخ کوردستانم کا
ئەم ئانین جیهان وێ
ئەم کردن ئینسان وێ
لێ مە زوو ئەو بەردا
ئاخ کوردستانم کا

٢-١-٣ موسەممەتی پێنجی

لە پێنج لەت پێک دێت، بە پێی چۆنیەتیی دووبارەبوونەوەی لەت و سەروای لەتەکان، چەند جۆرێکی هەیە:

ا- چوار لەتی یەکەم هاوسەروان و سەروای لەتی پێنجەم لەگەڵ لەتەکانی پێش خۆی جیاوازە و لە کۆتاییی هەموو پارچەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەویش سێ جۆری هەیە:

یەکەم: ناوبەند لە یەک لەت پێک دێت، کە لە هەر پارچەیەکدا سەرواکەی لەگەڵ چوار لەتی پێش خۆی جیاوازە و لە کۆتاییی تەواوی پارچەکانیشدا، بە سەروای جیاواز دەردەکەوێت (AAAAB- CCCCD- EEEEF ...) بۆ نموونە:

ڕۆژی نەو، ڕۆژی خەبات و ڕاپەڕین
ڕۆژی هاڕین و شکانی کۆتی ژین
لابەری تاری شەوانی ماتەمین
تێکدەری تەخت و تەلاری خوێن مژین
هەڵکەنی ڕیشە و ڕەگی خوێن مژین و بەندەگی
یادی تۆ یادی پەیابوونت بە خوێن
یادی تۆ زنجیری زۆرداری شکێن
یادگارێکە بەڕاستی خەمڕەوێن
دڵ ئەجۆشێنێ وەکو ماک و هەوێن
هان ئەدا هانی گەلان بۆ ڕانی دوژمنان

(دڵزار: ٢٤)

دووەم: لەتی پێنجەمی تەواوی پارچەکان، تەنیا لە ڕووی سەرواوە یەکدەگرنەوە، (AAAAB- CCCCB- DDDDB ...) بۆ نموونە:

کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە
چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە
بچۆ سەر گردی یارە ببینە
لە جیهاندا گوڵێکی ڕەنگینە
چونکە وایە خوایە ئاوابێ
ئەو دەمەی ڕۆژ دەگاتە ئێوارە
ڕوو بکەرە شاخی گۆیژە بنوارە
عەرشی پەروەردگاری لێ دیارە
دامەنی وەک بەهەشتی ئادبارە
خۆشە بۆ هەڵبژاردە ئاوابێ

(پیرەمێرد: ٤٨٤)

دەشێ لەتی پێنجەم لە پارچەی یەکەمدا، لەگەڵ لەتەکانی پێش خۆی هاوسەروا بێت و لەگەڵ سەروای لەتی پارچەکانی دیکەدا جیاواز بێت (AAAAA- BBBBA- CCCCA ...) لەو بارەدا، جگە لە موسەممەتی پێنجی، پێنج خشتەکییەکانیش هەمان بونیادیان هەیە. لە دەرەوەی بونیادی دەق، پێنج خشتەکی بەوە لە موسەممەتی پێنجی

جیادەکرێتەوە، کە پێنج خشتەکی بەرهەمی دوو شاعیری جیاوازە، شاعیری دووەم لە هەر پارچەیەکدا بەیتێکی لە شیعری شاعیری یەکەم تێکهەڵکێشی سێ لەتە شیعری خۆی کردووە.

سێیەم: لەتی پێنجەم لە تەواوی پارچەکاندا، وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر لەتی کۆتایی لە پارچەی یەکەمدا لەگەڵ لەتەکانی دیکە هاوسەروا بێت، ئەوا بونیادی سەوای لەتی یەکەم جیاواز لە تەکانی دیکە بەم شێوەیە دەبێت (AAAAA) بە شێوەیەکی گشتی سەروای قاڵبەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت: (AAAAA- BBBBA- CCCCA ....) بۆ نموونە:

کورتانم کرد ئەمڕۆ بۆ تۆ
شەڵتەی جەزا بگرە و بڕۆ
بار هەڵگرە تا نیمەڕۆ
سیاسی بە زۆر دەستەمۆ
بەر تۆ هەزاران عەلبە جۆ
مودیرەکەی شاری پێنجوێن
بە تۆ ناگا بە جێگە و شوێن
بۆ خورماڵیش بۆت ئەخۆم سوێن
تۆ لە کۆیت و ئەوان لە کۆین
بەر تۆ هەزاران عەلبە جۆ

(سەلام: ٥٤) [٣]

ب- لە تەواوی پارچەکاندا سێ لەتی یەکەم هاوسەروان و دوو لەتی کۆتایی بە سەروای جیاواز لە هەموو پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە، ئەمەش چوار جۆری هەیە:

یەکەم: موسەممەتی تەرجیعی پێنجی: دوو لەتی کۆتایی لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە. (AAABB- CCCBB ...) بۆ نموونە:

مژدەبێ ئەی کورد کە ئەمڕۆ جەژنەکەی نەورۆزتە
کاتی خۆش بەختی و سروور و ساتەکەی پیرۆزتە
وەختی شادی و غەش لە دڵ دەرکردنی گشت هۆزتە
مژدەبێ ئەی کورد کە نەورۆز پێشڕەوی سەربەستی یە
مژدەهێنی ڕۆژی ئازادی لە دیلی و پەستی یە
دەشت و دەر خەمڵیوە ئەمڕۆ هەر وەکو باخی بەهەشت
گەنج و پیر شادانە سەرمەستن بە نەشئەی گەشتی دەشت
وەک مرۆ هاوارەکا سروەی شەماڵ و بایی وەشت
مژدەبێ ئەی کورد کە نەورۆز پێشڕەوی سەربەستی یە
مژدەهێنی ڕۆژی ئازادی لە دیلی و پەستی یە

(دڵزار: ١١١).

ئەوەی قاڵبەکانی موسەممەتی تەرجیع لە قاڵبی تەرجیعبەند جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە بەندەکانی تەرجیعبەند لەسەر بنەمای بەیت داڕێژراون و لە قاڵبی غەزەلدا دەردەکەون و بەزۆری سەروای یەکگرتوویان تێدا پێڕەو کراوە. بەڵام لە موسەممەتی تەرجیعدا بەندەکان لەسەر بنەمای لەت بونیاد دەندرێن و لەتەکانیش لە هەربەندێکدا بەزۆری لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان.

دووەم: موسەممەتی تەرکیبی پێنجی: دوو لەتی کۆتایی بەندەکان وەک خۆیان دووبارە نابنەوە. لە موسەممەتی تەرکیبدا دوو شێوازی بونیادی ناوبەند هەیە:

ا- تەنیا لەڕێی سەرواوە یەکدەگرنەوە(AAABB- CCCBB- DDDBB ...). بۆ نموونە:

شیعر پێویستە ئاوێنەی دەروون بێ
لە ناپوختی بە دوور و پاک و ڕوون بێ
بەرامبەر لاشکری دوژمن قشوون بێ
وەکو ئاڵا لە بۆ هەق هەڵکرابێ
لە گشت لایەکەوە پاڵپشت درابێ
ئەبێ پڕ بێژ و پەند و بێ زیان بێ
شەپۆلی وەزنی مۆسیقای گیان بێ
پەیامی پاک و پڕ نرخی ژیان بێ
لە کانگەی پاک و پوختی دەرکرابێ
بە ناوی باشترین خوو ئاودرابێ

(دڵزار، ل١٢٢)

ب- ناوبەند لەسەر بنەمای سەروای جیاواز بونیاد دەندرێت. لە هەر پارچەیەکدا، ناوبەند لە دوولەتی هاوسەروا پێک دێت، سەروای ناوبەند لەگەڵ لەتەکانی پێش خۆی و لەگەڵ سەروای ناوبەندی پارچەکانی دیکە جیاوازە، بەو واتایەی هەر ناو بەندێک بە جیا خاوەن سەروایەکی تایبەت بەخۆیەتی. (AAABB- CCCDD- EEEFF ...) بۆ نموونە:

گوڵێک شیرینتر لە خونچەی بەهار
نازکتر، جوانتر، لە شەوبۆی نازدار
گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار
گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی
مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی
گوڵی سەربەستی ئەی هێزی گیانم
ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانم
تۆم نەبێ من خۆم بە هیچ نازانم
تۆم نەبێ هەرگیز ناحەسێمەوە
بێ بۆنی خۆشت نابووژێمەوە

(بەختیار زێوەر: ١٧٠)

سێیەم: موسەممەتی تەرجیعی تەرکیبی پێنجی: لەتی چوارەم جیاواز و لەتی پێنجەم لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە (AAAAA- BBBAA- CCCAA...)

بۆ نموونە:

ڕۆژ و ئەرز و مانگ وا لە گەڕایە
تۆش تێ بکۆشە تا هێزت تیایە
ئینسانی ئیشکەر حەبیبی خوایە
بەکەم ڕازی بیت زۆر لە ڕێ دایە
سەری بێ ڕۆزی لە ژێر خاکایە
کاکە دانیشتن ماڵ وێران ئەکا
بێ ئیشی ئینسان پەرێشان ئەکا
نەفرەت لە خۆی و لە ژیان ئاکا
نان و مافی تۆ هەر لە کارایە
سەری بێ ڕۆزی لە ژێر خاکایە

(بێکەس: ١١٣)

ج- دوولەتی سەرەتا هاوسەروان و سێ لەتی دواتر ڕۆڵی ناوبەند دەبینن. بەپێی جۆری سەروا و دووبارەبوونەوەی لەتەکان، دوو جۆری هەیە:

یەکەم: لەتی یەکەمی ناوبەند جیاواز و دوولەتی کۆتایی ناوبەند وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە. پێکهاتەکەی قاڵبی شیعرەکە، بە شێوەیەک دەردەکەوێ، کە لە موسەممەتێکی تەرجیعیی پێنجیدا، بنەمای سەروای لەتی سێیەمی گۆڕیبێ، لە جیاتی ئەوەی بچێتەوە سەر لەتەکانی سەرەتا، دراوەتە پاڵ سەروای ناوبەند (-AABBB CCBBB- DDBBB ...) بۆ نموونە:

ئەگەر لەگەڵ یەک ڕاست و دڵپاک بین
بۆ یەکتر باب وبرازا و کاک بین
بۆ سەر قەڵاتی خوێنمژ تاو ئەدەین
بەختیار ئەبین دوژمن قاو ئەدەین
داری ئازادی بە خوێن ئاو دەدەین
چاومان لە ژینی کامەرانی بێ
هیواو ئامانجمان گەر ئینسانی بێ
خوێنی هەزاران گەنج و لاو ئەدەین
بەختیار ئەبین دوژمن قاو ئەدەین
داری ئازادی بە خوێن ئاو دەدەین

(دڵزار: ٣٤)

دووەم: لەتی یەکەم و دووەمی ناوبەند جیاواز و تەنیا لەڕێی سەروا و لەتی سێیەمی لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە (AABBB- CCBBB-DDBBB ...)

بۆ نموونە:

چەن دڵگیری ئەی سەرچنار
ئەی مەڵبەندی دەستەی دڵدار
ناوەکەت تا بڵێی جوانە
سادە ر بێگەرد و ڕەوانە
دیمەنت وەکو لوبنانە
تیشکی جوانی خۆرەتاوت
شنەی شۆڕەبیی گوێ ئاوت
دەرمانی دەردەدارانە
چارەسەری دەردی گرانە
دیمەنت وەکو لوبنانە

(هاوار: ٦)

٤-١-٢ موسەممەتی شەشی

لە شەش لەت پێک دێت، لەڕووی بونیادی سەروای لەتەکاندا چوار جۆری هەیە:

ا- پێنج دێری یەکەمی پارچەکان لەگەڵ یەکتردا هاوسەروان و لەتی شەشەم بە سەروایەکی جیاواز لە تەواوی پارچەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەویش دوو جۆری هەیە:

یەکەم: لەتی شەشەمی پارچەکان، تەنیا لە ڕووی

سەرواوە یەکدەگرنەوە (AAAAAA- BBBBBA- CCCCCA ...) بۆ نموونە، شێخ نووری لە نەزیرە لەسەر قەسیدەیەکی مامۆستا بێخوددا دەڵێ:

لەو ڕۆژەوە تۆی دیوە پەرێشانە دڵی من
سەودازەدە وو بێ سەر و سامانە دڵی من
پیشەی خەفەت و شیوەن و گریانە دڵی من
گا وێڵی کەژ و کێو و بیابانە دڵی من
گا دەربەدەری کووچەیی شارانە دڵی من
سەرسامی پەڵ و بەردی مناڵانە دڵی من
هەرچەندە بە دوویا ئەگەڕێم شار و وڵاتان
دەشت و کەژ و سەحرا و چیا، چۆڵ و بیابان
نایدۆزمەوە بێ سەروشوێن ڕۆییوە دیسان
شێتانە ئەبێ ڕووی لە چ لا کردبێ یاران
وەک بلبلەکەی وێڵی گوڵستان بە بەهاران
ئاخۆ لە چ گوڵزارێ، غەزەلخوانە دڵی من

(شێخ نووری: ٣٧٧)

دووەم: لەتی شەشەم لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە (AAAAAA- BBBBBA- CCCCCA- ...) بۆ نموونە:

بەهار نامەوێ جوانیت ببینم
ئەمڕۆ من بە دڵ پەست و غەمگینم
دوورم لە خۆشی، خەریکی شینم
زار و بێزارم تاریکە ژینم
دوژمنی لالە و گوڵ و نەسرینم
بەهار نامەوێ جوانیت ببینم
بەهار بولبولت بو هەر بخوێنێ
گوڵیش لە دەشتا با خۆی بنوێنێ
کانیت ئاوی ڕوون با هەڵقوڵێنێ
گژ و گیات هەوا با بیشەکێنێ
ئەمانە دڵی من نابزوێنێ
بەهار نامەوێ جوانیت ببینم

(بێکەس: ١٨٠).

ب- چوار لەتی سەرەتا هاو سەروا و دوولەتی کۆتایی بە سەروای جیاواز لە چەند شێوازێکدا دەردەکەون:

یەکەم: موسەممەتی تەرجیعی شەشی: دوو لەتی کۆتایی لە تەواوی پارچەکاندا، وەک خۆیان دووبارە دەبێتەوە. دوو لەتی کۆتایی، کە موسەممەتەکەی لەسەر بونیاد دەندرێت، دەشێ لە پارچەی یەکەمدا لەگەڵ لەتەکانی پێش خۆیاندا هاوسەروابن و دەشێ جیاواز بن (AAAAAA- BBBBAA- CCCCAA ...) یان (AAAABB- CCCCBB- DDDDBB ...) بۆ نموونە:

زینەتێکی هەیە سلێمانی
وەسفی ناکا زوبان بە ئاسانی
کە تەماشا ئەکەم سەفای جوانی
مورغی ڕۆحم ئەڵێ بە پەنهانی
ئەی وەتەن، ئەی وەتەن چ شیرینی!
چەندە دڵگیر و چەندە ڕەنگینی!
مەنزەری دەشتی وەیس و کانێسکان
باغی میللی کە عەتر ئەکا پەخشان
گۆیژە و گردی یارە و سەیوان
لا دەبا حەسرەتی دڵی ئینسان
ئەی وەتەن، ئەی وەتەن چ شیرینی!
چەندە دڵگیر و چەندە ڕەنگینی!

(ب. زێوەر: ٦٩)

دووەم: موسەممەتی تەرکیبی شەشی: دوو لەتی کۆتایی لە تەواوی پارچەکاندا جیاوازن، ئەم جیاوازییەش بە دوو شێواز دەردەکەوێت

ا- ناوبەندەکان تەنیا لە ڕووی سەرواوە یەکدەگرنەوە (AAAABB- CCCCBB- DDDDBB- ...) بۆ نموونە:

ڕۆڵە وەسیەت بێ کە مردم سەیری ئەم ئەشعارە کە
حەفتەیەک جارێ تەماشای شۆری ئەم گوفتارە کە
بابی خۆت ڕەفتاری چۆن بوو تۆش هەر ئەو ڕەفتارە کە
ڕوو لە قازانجی عمومی و پشت لە خاوەن پارە کە
بێرە مەیدانی دلێری هەر وەکو شێری ژیان
جەرگی دوژمن هەڵدڕە و ببڕە وەکو تیغی دەبان
ڕۆڵە لافی فەیلەسووفی لێ نەدەی هەرگیز بە دەم
نۆکەری هەرگیز نەکەی بۆ حاکمی ڕۆم و عەجەم
چی لە دڵتایە مەترسە بیخە سەر نووکی قەڵەم
گوێ نەدەی ڕۆڵە بە جەور و ئێش و ئازار و ستەم
ڕاپەڕە بانگێ بدە بۆ خزمەتی کوردی زمان

بەرخی نێر بۆ سەربڕینە نەک لە بۆ دۆشین و ڕان

(قانع: ٢٠٩)

دەشێ لە پارچەی یەکەمدا، هەموو لەتەکان هاوسەروابن و سەرواى دوو لەتی کۆتایی لە پارچەکانی دیکەدا لەگەڵ سەرواى چوار لەتی پێش خۆیان جیاواز بن (AAAAAA- BBBBAA- CCCCAA ...).

ب- ناوبەند لە هەر پارچەیەکدا، بە سەرواى جیاواز لە پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە. (-AAAABB- CCCCDD EEEEFF ...) بۆ نموونە:

مەلێ هەڵفڕی لەسەر هێلانە
بۆ ڕۆزی بەچکە بە چینە و دانە
بێ بەش و بێ سوود مەل لەو گەڕانە
ئێوارە لەسەر یەک باڵەخانە
بینی یەک قەفەس هەڵواسراوە
مەلێ ئاواز و نەغمەی بەرداوە
لەناو قەفەسدا بە کامەرانی
خەم ئەدا بە با بە شادمانی
بە پیری ئەکا یادی جووانی
مەل وتی بەهـ بەهـ خۆش زندەگانی
خۆزگە سەد خۆزگە وەکو ئەو ئەبووم
لەناو قەفەسدا ئەهاتم، ئەچووم

(سەلام: ١٦٨).

سێیەم: موسەممەتی تەرجیعی تەرکیبی شەشی: دوو لەتی کۆتایی بە هەمان قافیە لە تەواوی پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە. لەتێکیان وەک خۆی و لەتی دیکەیان تەنیا لەڕێی سەرواوە دووبارە دەبێتەوە (-AAAABB CCCCBB- DDDDBB ...) بۆ نموونە:

با خاوەنم پارەدار بێ
یەکەم دەوڵەمەندی شار بێ
جێگەی بەرز و شکۆدار بێ
بە دەوتەڵات و زۆردار بێ
مادام قەفەز جێگەی منە
ئەو خاوەنەم لا دوژمنە
با سەرمایەی بە کلوور بێ
دەستکەوتی بەبێ سنوور بێ
پشتی بە پارە ئەستوور بێ
لە دەرد و بەڵا بەدوور بێ
مادام قەفەز جێگەی منە
دەریای مەینەتیم بێ بنە

(کاکەی فەلاح: ٣٨).

٢-١-٥ موسەممەتی حەوتی

لە حەوت لەت پێک دێت، لە شیعری کوردیدا قاڵبێکی دەگمەنە. بە پێی لەتەکانی باوبەند، دەبێتە دوو جۆر:

یەکەم: ناوبەندی دوولەتی: بەو واتایەی پێنج لەتی سەرەتای بەند بەیەکەوە هاوسەروان و دوو لەتی کۆتایی بەجیا وەک خۆیان، یان بەهەمان سەروا، یان بەسەرواى جیاواز دووبارە دەبنەوە، بۆ نموونە:

ئەی ساڵی جیهاندیدە، ئەیا سەحنەیی میحنەت
ئەی ساڵی گوزەشتە، سەنەیی ماتەمی ئوممەت
ئەی سەحنەیی گریان و فیغان، شیوەن و زیللەت
جەلـلادی جگەر ئاهنی بێ شەفقەت و ڕیققەت
ئەی نازی سەد مێشکی پژێنراوی بە قیمەت
ئەی ساڵی گوزەشتە، جگەرت لەت لەتی غەم بێ
نەتبینمەوە، مەسکەنەکەت شاری عەدەم بێ
سەیری کە، کە چەند لاشەیی لاوی وەتەنت دی
خۆت وردبەرەوە، چەند سەری جیا و چەند بەدەنت دی
چەند خانەیی وێران و دڵی پڕ میحنەتت دی
چەند ناڵەیی ژن، لاشەیی بێ کەفەنت دی
برسی و ڕەش و ڕووت، غەمزەدە، چەند شۆخ و شەنگت دی
ئەی ساڵی گوزەشتە، جگەرت لەت لەتی غەم بێ
نەتبینمەوە، مەسکەنەکەت شاری عەدەم بێ

(ش، نووری: ٤٩٢)

ئەم نموونەیەی سەرەوە، وەک موسەممەتی تەرجیعی حەوتی، ناوبەندەکەی لە دوولەت پێک دێت و لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە دەبێتەوە (AAAAA BB- CCCCCBB- DDDDDBB ...).

دووەم: ناوبەند لە سێ لەت پێک دێت، ئەگەر لە تەواوی پارچەکاندا وەک خۆی دووبارە ببێتەوە، بە موسەممەتی تەرجیعی حەوتی ناودەندرێت. (-AAAABBBB

CCCCBBB- DDDDBBB ...) بۆ نموونە:

داخەکەم بۆ ئەو زەمانەی ڕووی زەمین
وەک بەهەشت بوو پڕ لە خۆشی و پێکەنین
بێ تەماع و بێ درۆ و خاڵی لە قین
دڵنیا و دوور بووین لە ئۆتۆمی لەعین
تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا
یادی تۆ ئێستا لە دڵ خەم لا دەبا
عیلمە ئێستا بۆتە مایەی دەردی سەر
عیلمە بۆتە واستەی مەحوی بەشەر
عیلمە تەسخیری ئەکەن هەر بۆ زەرەر
عیلمی چی؟ وابێ، هەزار خۆزگەم بە کەر
تف لە عیلم و سەنعەت و سەد کارەبا
مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا
یادی تۆ ئێستا لە دڵ خەم لا دەبا

(بێکەس: ١٨٢)

٦-١-٢ موسەممەتی هەشتی

لە هەشت لەت پێک دێت، بەپێی ژمارە و چۆنیەتیی دووبارەی ناوبەند، دەبێتە دوو جۆر:

ا- ناوبەندی دوو لەتی: ئەمەش دوو جۆری هەیە:

یەکەم: موسەممەتی تەرجیعی هەشتی: ناوبەند لە دوو لەتی هاوشێوە پێک دێت، کە لە هەر پارچەیەکدا، بە سەرواى جیاواز لەگەڵ شەش لەتی پێش خۆیان وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە (AAAAAABB- CCCCCCBB- DDDDDDBB ...) بۆ نموونە:

کۆرپەکەم، جگەرسۆزەکەم
خونچەی باخی نەورۆزەکەم
تۆ ئەی ساوا پیرۆزەکەم
ئەی ئاوازە بە سۆزەکەم
سەربازێک بیت بۆ هۆزەکەم
بۆ سەر بڵندیی کۆزەکەم
لایەلایەت بۆ دەکەم من
تینوو بیت بە خوێنی دوژمن
کۆرپەم کوردێکی کوردی بە
بۆ نیشتمان نەبەردی بە
شوانی ناو چیاو هەردی بە
عەشقی گوڵاڵەی وەردی بە
خەمخۆری دار و بەردی بە
لایەلایەت بۆ دەکەم من
تینوو بیت بە خوێنی دوژمن

(ج. شارباژێڕی: ١٩)

دووەم: تەسمیتی هەشتیی تەرجیعی تەرکیب: لە دوو لەتەکانی ناوبەند، یەکەمیان جیاواز و دووەمیان وەک خۆی لە کۆتایی پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە (AAAAAAAA- BBBBBBAA- CCCCCCAA ...) بۆ نموونە:

نازدار بە ڕەنگی سووری خوێن نشین
بە کفنی ئاڵی شەهیدی خوێنین
بەو کاتەی کەوا لە خەو هەڵدەستین
کە ڕۆژ بە شەوگار دێتە پێکەنین
بە دوا هەناسەی دەمی مەرگ و ژین
لە ناو گۆڕیشا وەختی لێ پرسین
داوای تۆ ئەکەم شۆخی مەیل بەرین!
ئەڵێم کوا لەیلا زۆردار هەڵدڕین؟!
نازدار بە جوانیت هەر تۆم دڵداری
هەر تۆم پێویستی چرای شەوگاری
هەر تۆم شا گوڵی گوڵاڵەی زاری
هەرچەند تەنراوی دەستی زۆرداری!
بۆ منیش نابێ وا بە هەژاری
بەڵام ئەیبڕم ڕەگی خوێنخواری
تا شەبەق هەبێ شۆخی مەیل بەقین
ئەڵێم کوا لەیلا زۆردار هەڵدڕین

(ساڵح هەژار: ٣٨)

ب- ناوبەندی سێ لەتی: ئەمەش چەند شێوازێکی هەیە:

یەکەم: موسەممەتی تەرکیبی تەرجیعی هەشتی: پێکهاتەی لەتەکانی ناوبەند دوو شێوازی تێدا پێڕەو کراوە، بۆ نموونە: لەتی یەکەمی ناوبەند تەنیا لەڕێی سەروا و دوولەتی دواتر وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە (AAAAABBB- CCCCCBBB- DDDDDBBB ...) بۆ نموونە:

بەنـدە پـەی نەفـەر کرانشـینم

چـو عەزیـز مـردی دایـم غەمگینـم

نـە خـاج مـەزەب نـە جـوداش دینـم

ئـەو دوعـات گیـراس بکـەر نفرینـم

شـایەد لـەی دونیـا دیـتر نەمینـم

ڕاحـەت بـووم لـە دەس کرانشـینی

چ بکـەم وەدەس کرانشـینی

داد وەهـەر کـەس بـەم حەقـم نیەسینی

بـەس کـە کرادام لـەی تەویلـە چوخـەر

عومـرە وە بەدبەختـی هـاوردم وەسـەر

بیمەسـە موونـس چـەن گـر و بەشـەر

لـوڕ لـە لوڕسـتان کـورد لـە دینـەوەر

سـنەیی و پاوەیـی جـاف و کەمانگـەر

کـورد و لـوڕ و فـارس تـورک قەزوینـی

چ بکـەم وەدەس کرانشـینی

داد وەهـەر کـەس بـەم حەقـم نیەسینی

(شامی: ٢٠)

هـەر قاڵبێکـی دیکـەی موسـەممەت ئەگـەر لەسـەر بنەمـای لـەت بونیادنرابێـت، بـە پێـی ژمـارەی لەتەکانـی ناوەندرێـت و لـە ڕێـی بونیـادی ناوبەندەکانیـان شـێوازی پێکهاتەیـی موسـەمەتەکان دەخرێنـەڕوو.

٢-٢ ئـەو گۆڕانکارییانـەی بەسـەر قاڵبەکانـی موسـەممەتدا هاتـوون

زۆربـەی شـاعیرانی قۆناغـی نوێبوونـەوە، چ ئەوانـەی ڕۆڵیـان لـە نوێکردنـەوەی شـیعری کوردیـدا هەبـووە، چ ئەوانـەی زیاتـر بـە شـێوازی کلاسـیکییەوە پێوەسـت بـوون، لـە ڕوانگـەی قاڵبەکانـی شـیعرییەوە، ڕوویـان لـە موسـەممەت کـردووە، کـەم شـاعیری ئـەو قۆناغـە هەیـە لای لـێ نەکردبێتـەوە. هەندێـک لـەو شـاعیرانە بـە ئاگاییـەوە بووبـێ یـان بەبـێ ئاگایـی، بـە مەبەسـت بووبـێ یـان بەبـێ مەبەسـت، گۆڕانکارییـان لـە بونیـادی هەندێـک لـە قاڵبەکانـی موسـەممەتدا کـردووە، بەمـەش لـە ڕووی بونیـادی مۆسـیقییەوە شـیعری جیاوازیـان بەرهـەم هێنـاوە.

٢-٢-١ گۆڕینی سەروای لەتەکان

پێکهاتـەی پارچـەکان لـە موسـەممەتدا پێوەسـتە بـە لـەت، دابەشبوونی لەتەکانیش لـە هەرپارچەیەکدا، پشـت بـە دووبارە بوونـەوەی سـەروا دەبەسـتێت، لـەو ڕوانگەیەشـەوە لەتـەکان دەبنـە دوو جـۆر: «لەتەکانـی سـەرەتا» و «لەتەکانی ناوبەنـد». لـە شێوە باوەکەیانـدا، سـەروای لەتەکانـی سـەرەتا لـە هەرپارچەیەکدا هاوسـەروان و لەگـەڵ پارچەکانـی دیکـە جیـاوازن. لەتەکانـی ناوبەنـد جگـە لـە پارچـەی یەکـەم، لـە پارچەکانـی دیکـەدا، پێویسـتە لەگـەڵ لەتـی سـەرەتاکانیان جیـاواز بـن.

شـاعیرانی قۆناغـی نوێبوونـەوەی شـیعری کـوردی، لـە قاڵبـە باوەکانـی موسـەممەتدا، شـیعری زۆریـان هەیـە. بـەڵام هەندێـک لـە شـاعیران بەوەنـدە نەوەسـتاون و گۆڕانکارییـان لـە بونیـادی لەتەکانـدا کـردووە:

٢-٢-١-١ گۆڕینی سەروای لەتەکانی سەرەتا

لەتەکانـی سـەرەتا لـە هـەر قاڵبێکـدا بـن و ژمارەیـان هـەر چەندێکـی هەبێـت، لەگـەڵ یەکـتردا هاوسـەروان، هـەر گۆڕانکارییـەک لـەو پێـڕەوەدا بکرێـت، یـان دەبێتـە هـۆی گۆڕینـی قاڵبـی شـیعرەکە، یـان لادان لـە پێـڕەوی بـاوی قاڵبـی موسـەممەتدا ڕوودەدات.

قـەدری جـان لـە پارچـەی یەکەمـی موسـەممەتێکی چواریـدا، بـە ناونیشـانی (دادێ) کـە شـەش بەنـد لەخـۆ دەگرێـت. تەنیـا سـەروای لەتـی سـێیەمی گۆڕیـوە، ئـەو گۆڕینـە لـە ڕووی مۆسـیقاوە، پەیوەندیـی بـە لەتەکانـی دیکـەی سـەرەتا و نابەنـدەوە نییـە (AABA):

بەهـارە ژیانـا مـن بـێ تـە پاییـزە دادێ

بـۆ مـن دیـارێ جەننـەت بـێ تـە فاییـزە دادێ

چێـل کـەوا لنگ شکەسـتی ل پـێ هەڤالێـن خـوە ما

چێلکـە و ئـەز بـم و نەگریـم مـا قـەی جاییـزە دادێ

(قەدری جان: ١٠٥)

قاڵبـی موسـەممەتەکە لـە شـەش بەنـد پێـک دێـت و لـە تـەواوی بەندەکانـی دیکـەدا، سـێ لەتـی یەکـەم هاوسـەروان و لەتـی چوارەمیـان وەک ناوبەنـد، لەگـەڵ یەکتریـدا هاوسـەروان (CCCA-DDDA-EEEA ...).

هـەژار لـە قاڵبـی موسـەممەتێکی تەرجیعـی شەشـیدا، چـوار لەتـی هـەر پارچەیەکـی بـە جیـا بەسـەر دوو جـۆر سـەروادا دابـەش کـردووە (AABBCC- DDEECC- FFGGCC ...). بـۆ نموونـە:

پێشـــمەرگەم و بــۆ ڕزگاری نیشـــتمانم لـــە خەباتـــم
دوژمـن هەرچەنـد بـە هێزیـش بـێ دەبـێ دەرچـێ لـە وڵاتم
گوللـە تـۆپ و بۆمبـا و ئاگـر کار لـە بیـر و بـڕوا ناکـەن
ماڵ و سـەر و خوێـن و گیانـم قوربانـی ئـەو خـاک و ئاوەن
ڕۆڵـــەی ئـــازادی کوردســـتانم، دوژمنـــی داگیرکەرانـــم
بـۆ سـەربەخۆبوونی گـەلم، بەختـی دەکـەم مـاڵ و گیانـم
(هەژار: ٢٢٤)

مانـەوەی ئـەم شـیعرە لـە قاڵبـی موسـەممەتدا، بـە هـۆی دووبارەبوونـەوەی نـاو بەنـدە، لـە تـەواوی پارچەکانـدا.

٢-٢-١-٢ گۆڕینی سەروای لەتەکانی ناوبەند

فایـەق بێکـەس لـە شـیعری (ئـاخ مـەلا)دا، لادانـی لـە بونیـادی سـەوای ناوبەنـددا کـردووە، لەتـی یەکەمـی بـە سـەروایەکی جیـاواز وەک خـۆی لـە تـەواوی پارچەکانـدا دووبـارە کردۆتـەوە و لەتـی دووەمـی لـە هەرپارچەیەکـدا گەڕاندۆتـەوە سـەر سـەروای لەتەکانـی پێـش ناوبەنـد (AAAABA- CCCCBC- DDDDBD ...) بـۆ نموونـە:

هـەر دوو گوێـم پـڕ بوو لە باسی وەعز و سەرفیترە و زەکات
هـەر هەواڵـی حـەشر و نـەشرم پـێ ئەڵێـی تاکوو مەمات
بەسـییە لـەم مەوزووعـە لادە فێـری نوێـژ بـوو کائینات
خوتبەیێکـی ئیجتیماعیـم پـێ بڵـێ بـۆ ڕێـی حەیـات
ئـەی مـەلا تۆبـی خـودا لـەم فیکـرە کۆنـە لا بـدە
فەننـی تـازەم پـێ نیشـان دە بـۆ تەرەقـی و ڕێـی نەجات
(بێکەس: ١٢٧)

دووبارەبوونـەوەی لەتـی یەکەمـی ناوبەنـد وەک خـۆی، وەسـتانێکی سـەرنج ڕاکێشـی لـە مۆسـیقای شـیعرەکەدا دروسـت کـردووە، کـە کاریگەرییەکـی زیاتـر لەسـەر دەربڕیـن و لایەنـی دەروونیـی وەرگـر دروسـت دەکات.

٢-٢-٢ هێنانـەوەی ناوبەنـد لـە سـەرەتای پارچـەی یەکەمـدا

عەبدوڵـڵا دەروێـش و کەریـم شـارەزا(٢٠١٦: ٤٣) لـە موسـەممەتی تەرجیعـی شەشـیدا، ناوبەندیـان لـە سـەرەتای قاڵبـی موسـەممەتدا هێناوەتـەوە. ئـەم شـێوازە پێشـتر لـە شـیعری فارسـیدا پێـڕەو کـراوە (حسـين رزمجـو، ١٣٩٠: ٥٠) (AA- BBBBAA- CCCCAA) بەمـەش لـەڕووی مۆسـیقاوە ئـاوازی دەسـتپێکی شـیعرەکەیان، بـە ئـاوازی کۆتایـی پارچـەکان بەسـتۆتەوە. بـۆ نموونـە:

کوردســـتان تـــۆی وڵاتـــم
جێگـــەی هیـــوا و ئاواتـــم
مـن پـەروەردەی خاکـی تـۆم
لـە تـۆ دوور بـم ڕەنجـەڕۆم
سـاتێ بـێ تـۆ هەڵناکـەم
تـۆی هێـزی دڵ و ئەژنـۆم
کوردســـتان تـــۆی وڵاتـــم
جێگـــەی هیـــوا و ئاواتـــم
(ع. دەروێش: ٣٦)

٢-٢-٣ تێکەڵکردنی قاڵبەکانی موسەممەت

تێکەڵکردنـی قاڵبـە شـیعرییەکان لـە ڕووی بونیـادی مۆسـیقاوە، ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـووە لـە گۆڕینـی ڕەزم و ئـاوازی شـیعردا، بـە تایبەتـی ئـەو شـیعرانەی بـۆ گۆرانـی هۆنراونەتـەوە. شـاعیرانی قۆناغـی نوێبوونـەوە، لـە بونیـادی قاڵبەکانـی موسەممەتیشـدا، ئـەم هەوڵەیـان داوە، بـۆ نموونـە:

پیرەمێـرد (٢٠١٠: ٢٧٥) لـە شـیعری «جـەژن و بەهـار»دا، دەقێکـی دوو بەندیـی هۆنیوەتـەوە، بەنـدی یەکەمـی یـازدە لـەت و بەنـدی دووەمـی نـۆ لەتـە. دوو لەتـی یەکـەم و دوو لەتـی دووەم لـە هـەردوو بەندەکـەدا وەک خۆیـان دووبارەبوونەتـەوە. شـاعیر جگـە لـە تێکەڵکردنـی دوو قاڵـب، لـە فراوانکردنـی قاڵبـەکان و لـە هێنانـەوەی سـەرەتا و کۆتایـی بەندەکانیشـدا داهێنانـی کـردووە، ئـەم هەوڵـەش بـە پاڵنـەری مۆسـیقاوە بـووە، هـەر وەک لـە بێرایـی شـیعرەکەدا ئاماژەی پێکـراوە: « گۆرانییێکـە لەسـەر ئـاوازی «عيد الفـرح» دەگوتـرێ».

بێکـەس، لـە شـیعری «لای لای شـێرکۆ»دا، بـە هەمـان ناوبەنـد، قاڵبەکانی موسـەممەتی هەشـتی و حەوتی و شەشـی تێکـەڵ کـردووە و پارچەکانـی موسـەممەتەکەی لەسـەر بونیـاد نـاون، ئـەم شـێوازە لـە پێکهاتـەی موسـەممەتدا، دەگمەنـە، جیاوازیـی پێکهاتـەی پارچـەکان، پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆیان بـە مـەودای موسـیقیی شـیعرەکەوە هەیـە و گۆڕانـکاری لـە مـەودای دووبارەبوونـەوەی ئـاوازی ناوبەنـددا دروسـت دەکات. بـە شـێوەیەکی گشـتی بونیـادی سـەروای شـیعرەکە بریتییـە لـە: (-AAAAAAA- BBBBBAA- CCCCCAA

DDDDAA- EEEEEAA)(ف. بێکەس، ل١٧٢).

بێکەس لە هەوڵێکی دیکەیدا، پارچەیەکی پێنجیی بە هەمان کێش، لەگەڵ غەزەلێکی مەسنەوی تێکەڵ کردووە (AAAAA- BB- CC- DD ...) ئەم پێکهاتەیە لە شیعری کوردیدا داهێنانێکی ناوازەیە و بونیادێکی مۆسیقیی جیاوازی لە ئاوازی شیعرەکەدا بەرجەستە کردووە.

لە موسەممەتێکی تەرجیعی چواریی «جگەرخوین»یش دا، دوو لەتەکانی ناوبەند، لەگەڵ یەکتردا هاو سەروانین و وەک خۆیان لە هەموو پارچەکاندا دووبارە دەبنەوە(AABC- DDBC- EEBC ...):

کوردنو، مەردنو پڕ خوەشە سەرخوەبوون
ئەو دەمێن تار و تەنگ کو مەدین ڤانە چوون
دەست بدن هەڤ هەمی پێشکەڤن ئەم هەمی
دا بچن بۆ وەلات یان مرن یان فەلات

(جگەرخوین: ٦٦)

ئەم قاڵبە بەوە لە چوارین جیا دەکێتەوە، کە دوو لەتی کۆتایی وەک ناوبەند لە تەواوی پارچەکاندا، وەک خۆیان دووبارە دەبنەوە.

## ئەنجام

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان لەچەند خاڵێکدا پوخت دەکەینەوە:

١-شاعیرانی نوێخوازی کورد، جگە لە شێوازی باو، قاڵبەکانی سێی و چواری و پێنجی و شەشی و حەوتی و هەشتییان لە موسەممەتدا پێڕەو کردووە.

٢- لە هێنانەوەی لەتی ناوبەنددا، پێڕەوی یەک لەتی و دوولەتی و سێ لەتییان کردووە.

٣- لەڕووی سەرواوە، لە بونیادی ناوبەندی دوولەتیدا، پێڕەوی تەرجیع و تەرکیب و تەرجیعی تەرکیبیان کردووە.

٤- بە هێنانەوەی ناوبەند لە سەرەتای بەنددا، شاعیرانی نوێخوازی کورد، پێڕەوێکی نوێ و ناوازەیان لە بونیادی موسەممەتدا کردووە.

٥- تێکەڵکردنی قاڵبی جیاواز لە پێکهاتەی موسەممەتدا، سیمایەکی نوێیە لە شیعری قۆناغی نوێبوونەوەدا.

پەراوێزەکان

١- عەزیز گەردی ئەم پێکهاتەیەی بە موسەممەتی تەرجیعی تەرکیب ناوبردووە (عەزیز گەردی، ١٩٩٩: ٢٨٠) بەڵام بەپێی ئەو پێوەرەی بۆ تەرجیعی کردووە، کە دەبێ دوو لەت کت و مت وەک خۆی بێ گۆڕان دووبارە بنەوە، بۆ تەرکیبی نەکردووە، کە دەبێ دوولەت بە سەروای جیاواز دووبارە بنەوە. لە بەرامبەردا قاڵبی موسەممەت لە قاڵبی تەرکیب بەند و تەرجع بەند جیاوازە و مامەڵە لەگەڵ لەت دەکات نەک دێڕ، بۆیە ئەو قاڵبە بۆ ناوبەندی دوو لەتی بە گونجاوتر دەزانین. وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێکراوە.

٢- لە ساغکردنەوەی ئەم شیعرەدا پارچەکردنەکە دیار نییە، تەنیا لەڕێی سەروای لەتی چوارەمدا هەست بە پارچەکان دەکرێت. بڕوانە: ئازاد عەبدولواحید، ٢٠٠٨، دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح، بەرگی یەکەم. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر. ل٢٩٣. لە دەقە عەرەبییەکەدا، (ایلیا ابو ماضی) بە دەستەواژەی (لست ادری) شیعرەکەی (الطلاسم)ی لە ژێر حەوت ناونیشانی لاوەکیدا، دابەشی سەر (٧٢) کۆپڵەی چوار لەتی کردووە، سەروای سێ لەتی سەرەتا لە هەر کۆپڵەیەکدا هاو سەروان و لەتی چوارەم لەگەڵ تیکەی (لست ادری)دا سەروای کۆپڵەیی شیعرەکەی پێکهێناوە. بڕوانە: ابو ماضی، ایلیا، دیوان ابی ماضی، دار العودة، بیروت، ل ١٩١.

٣- شێخ سەلام. لە پەراوێزی شیعرەکەدا، ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە ساڵی ١٩٢٨ئەم شیعرەیان لەگەڵ بێکەسدا، بەیەکەوە هۆنیوەتەوە.

سەرچاوەکان

سەرچاوەی کوردی

ئەحمەدی خانی (١٩٩٦) ژ هەلبەستێن ئەحمەدێ خانی، کۆمکرن و تویژاندن: اسماعیل بادی، چاپا یەکێ، دهۆک، چاپخانا هاوار.

بێکەس، (٢٠٠٨) دیوانی بێکەس، ئامادەکردن: ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، سنە، ناسیح ڕەحمانی.

پیرەمێرد، ٢٠١٠، دیوان، بەرگی: ١، ٢، ٣، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.

جگەرخوین، ٢٠٠٤، جگەرخوین.. شاعیر و مرۆڤ و کوردپەروەر، ڤەهگواستن و بەرهەڤکرن: هەڤاڵ زاخۆیی، دهۆک، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ.

خەزنەدار، مارف (٢٠١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی١، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

دڵزار، ئەحمەد (٢٠٠٦) دیوانی دڵزار، چاپی دووەم، هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە.

زێوەر، بەختیار، ٢٠٠٨، دیوانی بەختیار زێوەر، شیعر، کۆکردنەوەی: مەحموود زێوەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.

زێوەر، ٢٠٠٣، دیوان، کۆکردنەوەی: مەحموود زێوەر، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

سجادی، علاءالدین، ١٩٦٧ ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف،

سەلام (١٩٩٠) دیوان، ئامادەکردن: ئومێد کاکە ڕەش، چاپی دووەم، بەغدا، چاپخانەی الحوادث.

شێخ نووری شێخ ساڵح، ٢٠٠٨، دیوان، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: ئازاد عەبدولواحید، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

کرماشانی، شامی (١٩٨٣) چەپکەگوڵ، ئامادەکردنی: ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، تهران، انتشارات سروش.

گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەروا، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

گۆران، عبداللە (١٩٨٠) دیوانی گۆران، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: محەمەدی مەلاکەریم، بەغدا، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

مزووری، ئازاد عبدالعزیز، (٢٠٠٢) قەدری جان شاعیری داهێنەر و نیشتمانپەروەر، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ.

مەحموود، پیرباڵ، (١٩٨٤) بزەی سروشت، بەغدا، چاپخانەی علاء.

هاوار، محەمەد ڕەسووڵ (٢٠٠٧) دیوانی محەمەد ڕەسوول هاوار، ئامادەکار: دکتۆر عوسمان دەشتی و سدیق ساڵح، سلێمانی بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی.

هەژار، عبدالرحمن شرفکندی (١٣٨٥) بۆ کوردستان، چاپی شەشەم، سنە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی هەژار.

سەرچاوەی فارسی

ابوالقاسم رادفر و دیگران (١٣٩٦) اقسام و توابع مسمط در شعر فارسی، کهن نامهء ادب پارسی، پژوگشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال هشتم، شمارة سوم پاییز و زمستان.

حسین رزمجو (١٣٩٠)، انواع ادبی و اثاران در زبان فارسی، چاپ سوم. مشهد، انتشارات دانشگاه فردوسی.

رازی، شمس الدین محمد بن قیس (١٣١٤) المعجم فی معاییر اشعارالعجم، تصحیح: محمد بن عبدالوهاب قزوینی، طهران، مطبعة مجلس.

شمیسا، سیروس (١٣٨٣) انواع ادبی، چاپ دهم، تهران، انتشارات فردوس.

فسایی، رستگارمنصور (١٣٨٠) انواع شعر فارسی، چاپ ٢، انتشارات نوید شیراز.

## ملخص

هـذا البحـث بعنـوان (بنيـة المسـمط في شـعر الكـوردي الجديـد ١٩١٨ - ١٩٧٠) محاولـة لعـرض بنيـة النصـوص التـي كتبـت في اطـار مسـمط خـلال فـترة تجديـد الشـعر الكـردي.

اتبعـت مسـمط في الشـعر الكلاسـيكي القديـم، ولكـن كقالـب فنـي في فـترة التجديـد، خضـع للعديـد مـن التغيـيرات والتجديـدات والابتـكارات، والتـي أصبحـت موضـوع هـذه الدراسـة.

تكمـن أهميـة هـذا البحث في أنـه مخصـص لدراسـة فـن التسـميط، بمعنـى أنـه يوفـر مسـاحة أوسـع لدراسـة بنيـة المسـمطات، لأنـه في السـابق، إذا تمـت مناقشـة مسـمطات، فقـد كان ضمـن مواضيـع أخـرى، دون ان يـدرس بالتفصيـل ولم يلاحـظ الكثـير مـن الجهـود الإبداعيـة لشـعرائنا. اعتمـد البحـث عـلى نظريـة الفنـون الادبيـة والمنهـج الوصفـي لتحليـل بنيـة المسـمط فـى الشـعر الكـردي الجديـد. يتظمـن محتـوى البحـث عـلى جزأيـن: الجـزء الأول يناقـش هيـكل وأنـواع المسـمطات والجـزء الثـاني يعـرض أنـواع وخصائـص المسـمات في الشـعر الكـردي الجديـد مـع أمثلـة مـن الشـعر. آمـل أن يكـون مصـدرا مفيـدا لمزيـد مـن البحـوث المماثلـة في إطـار ديـوان الشـعراء الكـورد بشـكل مسـتقل. توصلـت هـذه الدراسـة إلى العديـد مـن الاسـتنتاجات الجديـدة التـي لم يتـم ذكرهـا مـن قبـل عـن مسـمط.


كلمات المفتاحية:  مسمط، رابط،، مسمط الترجيع، مسمط التركيب، مسمط الترجيع التركيب.


## Abstract

The research entitled (The Structure of Musammat in the Kurdish Modern Poetry 1970-1918), is an attempt to present the structure of the texts that were written within the framework of Musammat during the renewal of Kurdish poetry. The researcher has followed Mosammat in the ancient classical poetry, but as an artistic form in revival period, it underwent many changes, renewals and innovations, which has become the subject of this study. The importance of this study lies in the fact that it is devoted to the study of the art of Musammat , in the sense that it provides a broader space for studying the structure of Musammat, because previously, if Musammat were discussed, it was mixed with other subjects and other forms of poetry. As a result, it was not studied in detail and many of the creative efforts of our poets were not noticed. The research is based on the theory of literary arts and the descriptive approach to analyze the structure of the Musammat in the Kurdish modern poetry. The content of the research includes two parts: the first part discusses the structure and types of metaphors, and the second part presents the types and characteristics of Musammat in the new Kurdish poetry with examples of poetry. The researcher hypothesizes that the study will be a useful resource for further similar research within the framework of the Kurdish Poets' Divans independently. This study reaches to several new conclusions about Musammat.

Keywords:  Musammat, Poetry, Stanza, Structure of Musammat, Verse.